**له بڵاو كراوه‌كانی ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت**

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ **وَجَنَّةٍ** عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾

## گه‌شتێك به‌ نێو خۆشی و شادییه‌كانی

# به‌هه‌شت

**له‌ بڵاوكراوه‌كانی**

**دار ابن خزیمة**

**وه‌رگێڕانی**

**باوكی فیرده‌وس- سلێمانی**

---


**ماڵپه‌ری به‌هه‌شت**

**ba8.org**

**ماڵپه‌ڕێكی ئیسلامی زانستی په‌روه‌رده‌یی یه‌ و له‌پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئیسلامه‌یه‌ كه‌ سه‌له‌فی صاڵح - پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله علیه وسلم) و هاوه‌ڵانی (رضي الله عنهم) له‌سه‌ری بوون - وه‌ سه‌ر به‌ هیچ گروپ و لایه‌نێكی حیزبی نیه‌.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕێزی ناوە لە دۆستەکانی خۆی بە بەهەشتە پڕ خۆشیە نەبڕاوەکەی وە ڕشتویەتی بەسەریاندا لە بەهەشتدا بینینی زاتی خۆی و وە دروودو صلاوات بۆسەر پێغەمبەر (ﷺ) ڕێ نیشاندەرەکەی وە لە سەر هەموو شوێنکەوتوانی .

**براو خوشکی موسڵمانم** ,دیارە ئاشکرایە کە مرۆڤ هەمیشە بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێت شەو لە دوای ڕۆژ وە هیچ دەرگایەك نیە کە بۆنی ژیانێکی بەختەوەری لێ وە هاتبێت مرۆڤ لەو دەرگایەی نەدا بێت .

**براو خوشکی موسڵمانم** :- ئەوەش دنیایە بە ئازارو ناڕەحەتی یەکانیەوە هەموو بونەوەرانی ئەم دنیایە بەو گۆڕانکاریانەدا دەڕۆن بە شیرینی و تاڵیەوە ,بەڵام پێم بڵی براکەم , ئایا کەس تەنها خۆشیەکانی چەشتوە بێ ناڕەحەتی و ئازارەکانی !

ئایا کەس ئەوەندە بەختەوەر بووە لە هەموو ڕویەکەوە تا خەڵك بە هەمیشەی بڵێن ئەوە بەختەوەرترین کەس بووە !

**موســـــــــــڵمانی بەڕێز** :- چەند ئەو دنیایە بێ بایەخە و چەند بێ وەفاو غەدارە , کە بتخاتە پێکەنین دڵنیابە ئەشتخاتە گریان , وە ئەگەر خۆشیەکانی ببەخشێت بێ گومان بە وەری دەگرێتەوە , لەزەت و خۆشیەکانی ئەدات بەو کەسەی کە ڕاو کەرو وێڵە بە دوایدا زۆر جار کە پێ ی ئەگات و لەزەتی باشی لێ وەردەگرێت ,ئەم کەسە خۆی بە خۆی دەڵێت من ئەو بەختەوەرەم کە ئیتر

ناخۆشـی و ناڕەحـەتی نـابینم ! بـەڵام زۆر جـار ئـەبینین کـە خۆشـی دەبێـت بـە ناخۆشی , بوون دەبێت بە نەبوون پێکەنین دەبێت بە گریان .

**برای شیرینم** :–ئەوە دنیایە ئەگـەر بـۆ کـەس ببوایـە , ئـەوە چـاکترین کـەس کـە سەروەری مرۆڤەکانە .خۆشەویست و بەڕێزترین دروستکراوی خوای گـەورە دەبـوو کە پێغەمبەرە (ﷺ). ئەو لە دنیا دەرچوو کە زۆر جار تێر نـەدەبوو لـە نـانی جـۆ لە دنیا دەرچوو هیچ سەروەت وماڵێکی کۆنەکردبۆوە .

**برای خۆم** :– ئایا بیرت لە جۆرە ژیانێك نەکردۆتەوە کە تەنها خۆشی بێت دوور لە هەموو ناڕەحەتیەك ! یان ژیانێك کە فرمێسك ڕشتن و گریانی تیا نەبێت وە ژیانێك کە برسێتی و نەخۆشی و خەفەتی لێ بە دوور بێت ! ژیانێك کە بە هـیچ شـێوەیەك مردنی تیا نەبێت , نەمردنی لاشەو نە مردنی ڕۆح .!

ئەم ژیانە زۆر لە زیندوەکانی پێش ئێمە هەوڵیان بۆ داوە ئەوانەی کە دڵیان زیندوو بووە ! ئـەوەش ئـەو ژیانـە هەمیشـەییە لـە شـوێنی ئارامـدا و جێگـە حەوانـەوەی چاکەکارانە ژیانێك کە ناڕەحەتی لە بیر خاوەنەکەی دەباتەوە ! ژیانێك بـە مانـای هەموو خۆشیەك .

ئایا ئەزانی ئەو ژیانەی کە تەنها خۆشی تیا باڵا دەستە بەبێ هیچ ئـازار و ناڕەحـەتی و تاڵی یەك کامەیە و لە کوێیە ؟ .

﴿جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ * وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ﴾ فاطر (٣٣-٣٤) **بەڵێ ئەو ژیانە ناوی { بە هەشتە } ناوی { دار النعیم } ە واتە شوێنی هەموو نیعمەتێكی خۆشی ناوی شوێنی دڵ خۆشیە ( دار السرور ) .**

**پێغەمبەرمان (ﷺ) لە باسكردنیدا دەفەرموێت :** (من يدخلها ينعم لا ييأس، ويخلّد لا يموت، ولا تبلى ثيابهم ولا يفنى شبابهم) رواه الترمذي وأحمد، تخريج المشكاة:٥٦٣.

**((هەرچ كەسێك بچێتە ناوی هەمیشە لەنیعمەتتدا دەبێت بەبێ تەواو بوون , وە لە ژیاندا دەبێت بە بێ مردن .وە جل وبەرگیان كۆن نابێت و هەمیشە گەنج دەبن بەبێ پیر بوون . موسڵمانی خۆش ویست , بەچی پێناسەیەك بۆت پێناسە بكەم یان لە كوێوە دەست پێ بكەم ؟ لە كاتێكدا ئەو خۆشی و بەختەوەریەكە كە خاوەن هەموو خۆشیەكان خۆی ڕازاندویەتیەوە . وە هەرچ باسێكت بۆ باس بكەم تەنها كەمم بۆ باس كردوی ,ئەی نەت بیستووە چۆن خوای گەورە باسی ئەو بە هەشتەی خۆی دەكات هەر وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : كە خوای گەورە فەرمویەتی :** ( أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت! ولا أذن سمعت! ولا خطر على قلب بشر! ). فاقرأوا إن شئتم ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ السجدة:١٧ - رواه البخاري ومسلم

واتە :بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەم کردووە کە هیچ چاوێك نەیبینیوە وەهیچ گوێ یەك نەیبیستووە وەبەدڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە.جائەگەر ویستتان ئەو ئایەتە بخوێننەوە.. ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ السجدة:١٧ – رواه البخاري ومسلم.

**خوشکی بەڕێزم** : بە ڕاستی جێ ی خۆیەتی کە سەرمان بسوڕمێت لەو هەموو بەخشینە کە خوای گەورە ئامادەی کردوە بۆ دۆستانی خۆی ئەوانەی کە لە دونیادا گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان کردوە وەك پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت : " موضع سوط في الجنّة خير من الدنيا وما فيها " رواه البخاري ومسلم.

واتە شوێنی یەك قامچی لە بەهەشتدا خێر ترو چاکترە لە دوونیاوئەوەشی کە تێدایە .

**برای موسڵمانم** : ئەو بەهەشتە بە ڕاستی کاڵایەکی گران بەهایە !. ئەو بەهەشتەیە کە دەبێت بە دەست بهێنرێت وە سەرکەوتنی یەکجاریە ! . ئەوە بەهەشتە کە پیاو چاکان پێش ئەوەی بمرن هەوڵی زۆریان داوە کە نرخەکەی بدەن و بۆ ڕۆژی گەیشتنیان بە بەهەشت کردەوەی جوانیان بۆ ئامادەکردوە .

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت : " من خاف أدلج ومن أدلج بلغ المنزل ألا إن سلعة الله غالية إلا إن سلعة الله الجنة "رواه الترمذي، السلسلة الصحيحة: ٢٣٣٥. **واتە** : **هەرچ کەس** بترسێت : زوو ئەکەوێتە ڕێ وەهەرکەس زوو بکەوێتە ڕێ دەگاتە شوێنی خۆی , بە ڕاستی کاڵای خوای گەورە زۆر گران بەهایە کە ئەو کاڵایەش بەهەشتە.

**خوشکی بەڕێزم** : ئەو بەهەشتە بەدەست هێنانی گرانە , چونکە دەوری گیراوە بە ئازارو ناڕەحەتی وەك مرواری ناو ئاو وایە کە دوای ناڕەحەتی مەلە کردن وە نقوم بوون لە بەحردا بە دەست دێت , پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت **:** "حفّت الجنة بالمكاره وحفّت النار بالشهوات " رواه البخاري ومسلم .

واتە چوار دەوری بەهەشت دراوە بەناڕەحەتیەکان وەچوار دەوری دۆزەخ دراوە بەئارەزووەکان. .

**برای بەڕێزم** : بەهەشت ئەو شوێنەیە کە پیاو چاکان هەوڵێکی زۆریان بۆ داوە , وە ئەوانەی کە پێشبڕکێ ی خێریان هەبووە پێشبڕکێ یەکی زۆریان بۆ کردووە , وە هەر بۆ بەهەشت خەڵك لە بازاڕدا بوون بۆی , هەیان بوە براوە بوو , وە هەیان بوو دۆڕاندویەتی , وە با بۆ ئەوە هەموومان کار بکەین .

**خوشك و برای بەڕێزم** :- بەشێوەیەك بەهەشت خۆی ڕازاندۆتەوە بۆ ئەوانەی کە دەچنە ناوی کە هیچ شتێکی تر ئاوا ڕازاوە نەبووەو نابێت . وە بە شێوەیەك خۆی جوان کردووە , کە جوانترین شوێن بێت لە چاو شوێنە جوانەکاندا .

**برای موسـڵمانم** :- ئەوە بەهەشتە شوێنی ئەولیاو دۆستانی خوای گەورەیە , وەنیشتمانی لە خواترسەکان , وە شوێنی حەوانەوەی بەختەوەرەکانە , وە هەر کەسێك بچێتە ناوی بە ڕاستی بەختەوەرترین کەسەکانە .

وە جێ ی خۆیەتی کە نازناوی بە ختەوەرترین کەسی لێ بنرێت . چۆن وانیە ! کە ئەو بەختەوەریەی ناو بەهەشت پاشای هەموو پاشاکان دروستی کردووە ,کە خۆی خاوەنی هەموو بەخشیشێکە . وە هەموو بەختەوەریەکیش هەر لای ئەوە .

**خوشکی ئیماندارم** : ئایا پێت خۆشە ئەو ماڵەت بۆ باس بکەم ! ئەو ماڵ و شوێنە بێ وێنەیە ؟ دە ڕاوەستە و گوێ بگرە لەم باس کردنە سەر سوڕهێنەرە ! پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) لە دیوارەکانی بەهەشت ئەویش : لبنة من فضة ولبنة من ذهب! ومِلاطُها ( المادة بين اللبنتين ) المسك الأدفر! وحصباؤها اللؤلؤ والياقوت! وتُربتها الزَّعفران! من يدخلها ينعم لا ييأس! ويخلد لا يموت! ولا تبلى ثيابهم! ولا يفنى شبابهم! رواه الترمذي وأحمد، تخريج المشكاة: ٥٦٣٠

واتە :خشتێکی لە زیوە , وە خشتێکی لە ئاڵتون ! وە ئەو شتەشی کە لە بەینی ئەم دوو خشتەدا هەیە میسکێکی زۆر بۆن خۆشە وە زیخ و چەویشی لؤلؤ و یاقوتە ! وە خۆڵەکەشی زەعفەرانە ! هەر کەسێك بچێتە ناوی هەر لە نازو نیعمەتدا ئەبێت بە بێ هیچ نارەحەتیەك ! وە بە هەتا هەتای ئەژی و هەرگیز نامرێ ! وە پاشەڕۆشیان نابێت , وە هەمیشە گەنج دەبن و هەرگیز پیر نابن !

**برای بەڕێزم** : هەر کەسێك کە ئەچێتە ماڵێکەوە ئەبێت لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە , ئایا ئەبێت دەرگای بە هەشت چۆن بێت ؟

**خوشکی بەڕێزم :** , پێغەمبەرمان (ﷺ) پـێ ی ڕاگەیانـدین کـە بەهەشـت هەشـت دەرگـای هەیـە دەرگایـەکی هەیـە پـێ ی دەوترێـت ( **دەرگــای ڕەیــان** ) لـەو دەرگایەوە ڕۆژووانان لێ دەچنە ژوورەوە ! رواه البخاري و مسلم .

ئای لـەو بەختـەوەری ڕۆژوو گـران کـە لـەو دەرگایـەوە دەچـنە ژوورەوە کـە دوای ئەوان دادەخرێت ئیتر کەس بۆی نیە بچێتە ژوورەوە ! ئای لەو کاتە ئەبێت چـەند خۆش بێت و لەو سەرکەوتن و دڵخۆشیە ئەبێت بەچی شێوازێك بێت .

پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت : " من أنفق زوجين في سبيل الله نُودي في الجنَّة: يا عبدالله هذا خير، فمن كان من أهل الصلاة دُعي من باب الصلاة، ومن كان من أهل الجهاد دُعي من باب الجهاد، ومن كان من أهل الصدقة دُعي من باب الصدقة، ومن كان من أهل الصيام دُعي من باب الرَّيان قال أبو بكر الصديق: يا رسول الله ما على أحد يُدعى من تلك الأبواب من ضرورة! فهل يُدعى أحد من تلك الأبواب كلها؟! قال رسول الله: (ﷺ) نعم وأرجو أن تكون منهم " رواه البخاري ومسلم .

واتە : هـەر کەسـێك دوو خێـزان بـەخێو بکـات لەبـەر خـاتری خـوای گـەورە بـانگ دەکرێ لە بەهەشتدا پێ ی دەوترێ ئـەی بەنـدەی خـوا ، وە هەرکەسـێك لـە نوێـژ خوێنان بێت ئەوا لە **دەرگای نوێژ** خوێنان بـانگ دەکـرێ , هـەر کەسـێك لـە ڕیـزی موجاهیدان بێت لـە **دەرگای جیهاد**ەوە بـانگ دەکـرێ ، وە هـەر کەسـێك لـە ڕیـزی خێرکەران بێت ئەوا لە **دەرگای خێر** کەرانەوە بـانگ دەکـرێ , وە ئەگـەر لـە ڕۆژوو

گران بێت ئەوا لە دەرگای ( **ڕەیـان** )ەوە بـانگ دەكریٚ . لـەو كاتـەدا ئەبوبـەكری صـدیق ( ڕەزای خـوای لێبێـت ) فـەرمووی ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـەموو ئەوانەی كە لەو دەرگایانـەوە بـانگ دەكرێـت هـەر یەكـەو دەرگایـەكی تایبـەت بـۆ كردەوەیەكی , ئایا كەس هەیە لە هەموو دەرگاكانـەوە بـانگ بكرێـت ؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵیٚ داوام وایە كە تۆ یەكێك بیت لەوانە . رواه البخاری و مسلم.

**برای خۆشەویستم** : ئەوە تەنها چوار دەرگـای بەهەشـت بـوو , پێشـم وانیـە حـەز نەكەیت چوار دەرگاكەی تر چین ؟ لەو دەرگایانـە , دەرگـای حـەج , وە دەرگـای ئەوانە كە لە بەر خاتری خوای گەورە ڕقی خۆیان ڕاگرتووە لە خەڵكی بـووراون وە دەرگای ئەوانەی كە بە تەواوی پشتیان بە خوای گەورە بەستوە , كە ئەوانەی لەو دەرگایەوە ئەچنە ژوورەوە هیچ حسابێك وە هیچ سزایەكیان نیـە ! وە لـە وانـیش دەرگای زكرو زانیاریە _ فتح الباری :٧|٣٤ بە دەستكاریەوە .

**خوشكی ئازیز** : ئەو دەرگایانەبوو كە بەختەوەران لیٚ ی دەچنە ژوورەوە , دەی با بپرسین ئیمە ئەو ڕۆژە لەوانە دەبین ,ئایا لەو كۆمەڵە دەبیت كە لـەو دەرگایانـەوە بانگ دەكرێین بۆ ناو بە هەشت , یان بە پێچەوانەوە خوا پەنامان بدات .

ئای لەو چێژو خۆشیەی كە چاكەكاران لە كردەوە چاكەكانیان لە دنیـادا بینیـان , وە لە خۆش یەكە لە بەهەشتدا لە قیامەتدا ئەی بینین ! ئەوە تـەنها خواپەرسـتی ڕاستەقینەیە برای من ئەوە ئەو كردەوانەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿الْمَالُ

وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾ الكهف – ٤٦–

واتە: سەروەت و کوڕو ماڵی دنیا تەنها جوانکاری دنیایە وە نابیینیتەوە , وە ئەو کردەوەو چاکانەی کە بۆ خوای گەورە کراون ئەوانە لای خوای گەورە جیٚ ی پاداشتە جیٚ ی ئومێدە .

**براکەم :** ئەوانە دەرگای بەهەشت بوو خوای گەورە من و تۆش بگێڕێت لەوانەی کە لەو دەرگایانەوە دەچنە ژوورەوە بە خۆشی هەتا هەتای , ئەو ڕۆژەی کە ڕووی چاکەکارانی تێدا سپی دەبێتەوە

**خوشکەکەم :** پیرۆزبایی و خۆشی بۆ ئەو ڕوو سپی یانەی کە دەبرێت بۆ ناو بەهەشت و مەلائیکەتانی خوای گەورە پێشوازیان لیٚ دەکەن و دەڵێن : ﴿سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ﴾ سورة الزمر (٧٣)

**برام** کە چوونە ناو بەهەشتەوە ئیتر ئەو پەیمانە ڕاستیە دێتە دی کە دەفەرموێت ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾ الحجر–٤٧–.

واتە : هەرچی کینەو ڕقێك هەبێت لە دڵیاندا دەری دەهێنن وە هیچ دووبەرەکێك لە نێوانیاندا نامێنێت وەکو دوو برای خۆشەویست لەسەر قەرەوێڵەن بەرامبەر یەکتری .

**هـەروەها إبـن عبـاس** (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) **دەفـەرموێت:** ( أول ما يدخل أهل الجنَّة الجنَّة تعرض لهم عينان فيشربون من إحدى العينين فيذهب الله تعالى ما في قلوبهم من غِل! ثم يدخلون العين الأخرى فيغتسلون فيها فتشرق ألوانهم، وتصفُو وجوههم، وتجرى عليهم نضرة النَّعيم ) **واتـە يەكـەم شـتێك ئـەو موسـڵمانانەی نـاو بەهەشـت لـە بەهەشـتدا پـێ ی دەگـەن دوو كانيـاوی نـاو بەهەشـت كـە لـە يـەكێك لـەو كانياوانـە دەخۆنـەوە هەرچـی ڕق و حەسودی و كينە كە لـە دڵيانـدا هـەبێت هـەمووی دەشـواتەوەو نايهێڵيـت , ئـەنجا ئەچنە نـاو كانيەكـەی تـرەوەو خۆيـان دەشـۆن تيـادا بـەو خۆشـۆردنە هـەموويان ڕوويان گەش و ڕووناك دەبێت وە ئەگەن بە نيعمەتەكانی تری ناو بەهەشت .**

**برای بەڕێزم : ئينجا كـە بڕيـار درا لەلايـەن خـوای گـەورەوە كـە كـێ شايسـتەی بەهەشتە دەچنە ناو بەهەشتەوە , لەم كاتەدا بانگ دەرێك بانگ دەكات و دەڵێت: ئەی كەسـانی نـاو بەهەشـت ئـيتر هەميشـە لـەش سـاغ دەبـن و هـەرگيز ناخۆشـی نابينن , وە هەميشە زيندوو دەبن وە هەرگيز مـردن نابينـەوە , وە هەميشـە هـەر گەنج دەبن و وە هەرگيز پير نابن , وە هەميشـە لـە خۆشـی و نيعمەتـدا دەبـن وە هەرگيز ناخۆشی نابينەوە ! رواه مسلم .**

**خوشكی ئيماندارم : بەڕاستی جێ ی خۆيەتی كە ڕابوەستين لەسـەر ئـەو هـەموو خۆشيانەی كە پێناسەكردن چۆتە دەرەوە كە بـۆ ئـەو كەسـە بەختەوەرانـەی نـاو بەهەشت هەيە وەك خوای باڵا دەست دەفەرموێت :** ﴿فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ (٢١) فِي

﴿جَنَّةٍ عَالِيَةٍ (٢٢) قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ (٢٣) كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُم فِي الأَيَّامِ الخَالِيَةِ﴾ .
الحاقة: ٢١-٢٤

واته : (ئەوانە لە ژیانێکی زۆر خۆشدا دەبن (٢١) کە بەهەشتێکی بەرزە (٢٢) کە لەو بەهەشتەدا بەری درەختەکان شۆڕ بونەتەوە بۆ ئاسانی خواردنیان (٢٣)).دەربارەی ئەم ئایەتە : ﴿ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ﴾ **قتادة** –ڕەحمەتی خوای لێبێت– دەفەرموێت: نە دەستیان نا ڕەحەت دەبێت لەوەی ئەو بەری درەختە بەرزو دوور بێت یان دڕکاوی بێت , هەروەها ئایەتەکە دەفەرموێت : ﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُم فِي الأَيَّامِ الخَالِيَةِ﴾,واتە بیخۆن و بخۆنەوە لەو هەموو نیعمەتانەی ناو بەهەشت لە ئەنجامی ئەو کردەوە چاك و جوانانەی کە لە پێش خۆتان خستبوو پێش ئەوەی دنیا بە جێ بهێڵن !

**هەروەها دەفەرموێت** ﴿وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا﴾ سورة الإنسان ١٤ . **مجاهد** ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت : واتە بەری درەختەکان شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەوەی هیچ نا ڕەحەتیەکی کەمیشی تێدا نەبێت .

چۆن بیانەوێت ئاوا دەتوانن بیخۆن , ئەگەر هەستانە سەر پێ ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە لە بەر دەستیانا بێت , وە ئەگەر بە ڕاکشانەوە بن ئەوا بۆیان شۆڕ دەبێتەوە زیاتر بۆ بەر دەستیان .

**براکەم** : یەکێکی تر لەو نیعمەتە گەورانە ئەوەیە کەلە بەهەشتدا ئیتر بێ خەم دەبیت لەوەی کە خوای گەورە لێت توڕەبێت , یان ئەو نیعمەتانەت لێ سەنێتەوە , هەروەها بەردەوام نیعمەتەکانی بەدوای یەکتردا دێت , وەك ئەوەی کە دوبارە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يُطَافُ عَلَيهِم بِكَأسٍ مِنّ مَّعِينِ (٤٥) بَيضَاءَ لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ (٤٦) لا فِيهَا غَولٌ وَلا هُم عَنهَا يُنزَفُونَ﴾ . الصافات:٤٥-٤٧واتە : (بۆیان ئەهێنرێت بە کوپی پڕ لە کانیاوانە {خمر} واتە شەراب , کە زۆر سپی یەو زۆر بە تام و چێژە بۆ ئەو کەسانەی کە دەی خۆنەوە , نە توشی ئازاریان دەکات و نەبێ عەقڵیش دەبن و نە تووشی سەر ئێشە دەبن .

بە پێچەوانەی عارەقی دونیا کە ئەوانەی دەیخۆنەوە لێرەدا جێ ی خۆیەتی بلێت ئەی ئەوانەی کە لەم دونیادا مشروب (عارەق ) دەخۆنەوە , ئایا ئەو مشروبەی (خمر )ە بەهەشت چاکترو خۆشتر نیە ؟! چیتان دەست کەوت لە عارەق خواردنەوەی دونیا ؟ سەرەتاکەی بێ ئاگا بونتانە . وەکو وە کۆتاییەکەشی ئازارو نەخۆشی بێ عەقڵ بوونە ! عەقڵ لە دەست دەدەن و توشی ئازاری سك وسەر ئێشە دەبن وە ڕەنگێکی زۆر ناشرین و بۆنێکی زۆر ناخۆشیشی هەیە . کە هەموو عەقڵێکی ساغ لای ناشرین و قێزەونە

**براکەم** : ئای چەند خۆشە لەو دانیشتنەدا بین , دانیشتن و کۆڕی ئەهلی بەهەشت , کە پڕە لە خۆشی و کامەرانی . ئەوەتا خزمەتکارەکانیان دێت و دەڕۆن بۆ لایان بە هەموو شێوەکانی خواردن و خواردنەوەیەك وەکو خوای گەورە

**دەفـەرموێت** ﴿وَيَطُوفُ عَلَيهِم وِلدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيتَهُم حَسِبتَهُم لُؤلُؤاً مَّنثُوراً (١٩) وَإِذَا رَأَيتَ ثَمَّ رَأَيتَ نَعِيماً وَمُلكاً كَبِيراً﴾ الإنسان:١٩– ٢٠ .

واتە : کۆمەڵگە منداڵێکی گەنج کە هەمیشە لەسـەر شـێوەی خۆیـان دەمێنـەوە بـە چوار دەوریاندا لە خزمەتکردنیاندا دەسوڕێنەوە کە دەیان بینی دەڵێ ی (**لؤلـؤ**)ن لە جوانی جل و بەرگ و ڕوو کەشیاندا

**إبن عباس** –ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت– دەفەرموێت , (کاتێك کە ئیمانـدار لەسەر جێگاکەی خۆیەتی چاوی بە شـتێکی بچوك دەکـەوێت لـە پێشـەوە دەڵێـت ئەوە (**لؤلؤ**)ە ! لەکاتێکدا ئەوە ئەو منداڵانەن خزمەتی بەهەشت دەکەن .

**خوشـــکەکەم** : پێغەمبــەر (ﷺ) دەفــەرموێت : يأكل أهل الجنَّة فيها ويشربون ولا يتغوطون! ولا يمتخطون! ولا يبولون! ولكن طعامهم ذاك جُشاء كرشح المسك! يلهمون التسبيح والحمد كما تلهمون النَّفس . رواه مسلم.

واتــە : ئـەهلی بەهەشــت ئـەخۆن لەبەهەشــتدا،وەئەخۆنەوە وەپیســایی ناکـەن وەبەڵغەمیان ناکەن وەمیز ناکەن ،بەڵام خواردنەکەیان وەك میسك وایە.سبحان الله ی خوائەکەن هەروەك چۆن نەفسیان پێ ئەدرێت.

ئینجا دوای ئەمانە نیعمەتێکی تر کە نیعمەتەکانی تری پێ تـەواو دەکرێت بریتیـە لەوەی کە بەختەوەرانی ناو بەهەشت دەگەن بە خێزانەکانیان کە حۆری بەهەشـتە , ئینجا چی جۆرە خێزانێکن ! لە پێناو ئەمانەدا گرنگترین مارەییـان بـۆ دراوە وە

پیاو چاكان لە دنیادا پێشبڕكێیان لـە پێناویانـدا كـردووە ! وە لـە خـوا ترسـەكان پێشكەوتنیان لـە نێـوان خۆیانـدا بـۆ ئـەنجام داوە , خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿وَلَهُم فِيهَا أَزوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُم فِيهَا خَالِدُونَ﴾ البقرة:٢٥ **قتـــادە** –ڕەحمـەتی خـوای لێبێت– دەفەرموێت (مُّطَهَّرَةٌ) واتە پاكیانە لە هەموو پاشەڕۆیەك و بۆنێكی نـاخۆش .

سەیركە براكەم چۆن خوای گەورە لە باسـكردن و وەصـفیاندا دەفـەرموێت ﴿فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرفِ لَم يَطمِثهُنَّ إِنسٌ قَبلَهُم وَلَا جَانٌّ (٥٦) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥٧) كَأَنَّهُنَّ اليَاقُوتُ وَالمَرجَانُ﴾ الرحمن:٥٦-٥٨ . **إبن عباس** –ڕەحمەتی خوای لێبێت–

دەفەرموێت :واتە (تەنها سەیری هاوسەرەكانی خۆیان دەكەن و چاویان كەسی تـر نابینێت ! سوێند بە خوای گەورە نە ئەگەڕێن و نە ئەچـنە دەرەوە بـۆ شـوێنێكی تر جگە لای هاوسەرەكەی خۆی ! .

ئەی ئەوانەی بێ ئاگان لەم نیعمەتە , وردببنەوە لەو وەصفەی كە خوای گەورە لە جـوانی ئـەو حۆریانـەدا كـە بـۆ خۆشەویسـتەكانی خـۆی ئامـادەی كـردووە وەكوپێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت : " ولو أن امرأة من أهل الجنَّة اطلعت إلى أهل الأرض لأضاءت ما بينهما! ولملأته ريحاً! ولنصيفُها على رأسها خير من الدُّنيا وما فيها" رواه البخاري .

واتە :(ئەگەر یەکێك لەو حۆریانە بێنە سەر زەوی ئەوا نێوان زەوی و ئاسمان ڕووناك دەکاتەوە , وە هەموو بۆنخۆش دەکردو چەند تاڵێك لە قژی سەری جوانترو چاکترە لە هەموو دوونیاو لەوەی کە تێدایە ) .

**برای بەڕێزم** : کەس هەیە حەزی لە گەیشتن نەبێت بەو حۆریانە ؟ چونکە ئەوان ئامادە کراون بۆ ئەو مەبەستە .! بەڵام ئایا دەزانی مارەیی ئەو حۆریانە چەندە ؟ .

**برام** : مارەییەکە زۆر گرانترە لە ئاڵتون و زیو ! مارەییەکە لە دەست تۆدایە کە بیدەیت یان بیگریتەوە و نەیدەیت ! .

برام ئەمەش مارەییەکەیەتی ﴿وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةً وَحَرِيراً﴾. الإنسان:١٢

واتە :لە ئەنجامی ئەو ئارامگرتنەی لە دنیادا ئارامیان گرت لەسەر حەرام و ئارامیان گرت لەسەر عیبادەت و ناڕەحەتی , پاداشتمان دانەوە بەبەهەشت و بە حەریر .

**قتادە** –ڕەحمەتی خوای لێبێت– دەفەرموێت : (الصبر صبران: صبر على طاعة الله وصبر عن معصية الله) . واتە : **ئارامگرتن , دوو جۆرە** , **ئارامگرتن لەسەر عیبادەت کردن** و, **ئارامگرتن لەسەر ئەنجام نەدانی تاوانەکان** ).

بە ڕاستی بەختەوەر کەسێکە کە لە دونیاو قیامەتدا بە هۆی کردەوە چاك و جوانەکانیەوە بەختەوەر بێت و زەرەر مەندیش کەسێکە کە بەهۆی کردەوە خراپەو ناشرینەکانیەوە توشی سزا ببێت برام : ئای چەند جوانە درەختەکانی بەهەشت , وە چەند دڵگیرە سێبەرەکانی , وە چەند دیمەنێکی دڵڕفێن و سەرنج ڕاکێشە , وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازاً (٣١) حَدَائِقَ وَأَعنَاباً﴾ النبأ ٣١،٣٢ .

واتە : بۆ لەخوا ترسەکان سەرکەوتنی گەورە هەیە , کە باخ و میوە هاتی ناو بەهەشتە. وە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : "ما في الجنَّة شجرة إلا وساقها من ذهب" رواه الترمذي، صحيح الجامع:٥٦٤٧.

واتە : هیچ درەختێك نیە لە بەهەشتدا ئیلا قەدەکەی لە ئاڵتونە .

وە هەروەها هەواڵێکی ترمان دەداتێ لەبارەی درەختەکانی ناو بەهەشتەوە و دەفەرموێت ( إن في الجنَّة شجرة يسير الراكب في ظلها مائة عام لا يقطعها! واقرؤوا إن شئتم ﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ﴾ الواقعة ١٣٠ ) رواه البخاري ومسلم .

واتە: لە بەهەشتدا درەخت هەیە کە کەسێك بەسواری بە سێبەرەکەیدا بڕوات ماوەی سەد ساڵ سێبەرەکەی تەواو نابێت و ئەتوانیت ئەو ئایەتە بخوێنیتەوە کە دەفەرموێت ﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ﴾ واتە سێ بەرەکانی دوورو درێژە .

وە بۆ لایەنی تەلارەکانی و ژوورەکانی ناو بەهەشت بە ڕاستی لە سەروی باسکردنەوەن لە جۆری بیناکردنیاندا و لە جوانیاندا . خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ﴾ . الزمر: ٢٠ .

واتە : بەلأم بۆ ئەوانەی کە لە دونیادا لە بەر خوا لە حەرامەکان دوورکەوتونەتەوە تەلاریان هەیە ژوور لەسەر ژوور دروست کراوە کە بە جوانترین شێوە ڕازێنراوەتەوە وە زۆر بەرزو جوانن وە ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات ئەوە بەلێنی خوایە خواش بەلچیچنەکان پشتگوێ ناخەن .

وە خۆشەویستمان پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویێت : " إن في الجنة لغرفاً يُرى ظهورها من بطونها! وبطونها من ظهورها! فقام إليه أعرابي فقال: لمن هي يا نبيّ الله؟ قال: هي لمن أطاب الكلام، وأطعم الطعام، وأدام الصيام، وصلى لله بالليل والناس نيام " رواه الترمذي وأحمد، صحيح الجامع:٢١١٩.

واتە : ( لە ناو بەهەشتدا کۆمەڵە ژوورێك هەن لە ناوەوە و دەرەوەی دەبینرێت , وە لە دەرەوەو ناوەوەی دەبینرێت , پیاوێکی دەشتەکی هەڵدەستێت پرسیار دەکات و دەڵێت : ئەی ئەو ژوورانە بۆ کێن ؟ ئەی نێردراوی خوا , ئەویش فەرمووی : بۆ کەسانێکن کە قسەو گفتوگۆی چاك بێت و خواردن بدات بەکەسانی هەژار , وە ڕۆژوو گرتنی زۆر بێت وە کەسانێك کە شەو نوێژیان کردبێت بۆ خوای گەورە لە کاتێکدا کە خەڵکی خەوتوون .

**برای موسڵمانم** : ئای کە چەند دڵخۆشن ئەو بەختەوەرانەی کە بۆ خۆیان لەناو ئەو ژوورو کۆشك و تەلارانەدا پیاسە دەکەن و هەموویان بەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە ڕشتویەتی بەسەریاندا لەو پەڕی خۆشیدان .

**خوشکی بەڕێزم** : بیهێنە پێش چاوی خۆت کە لە دنیادا کە لە کۆشك و تەلارێکی زۆر جوان و بەرزو ڕازاوەدا بیت ,کە چوار دەوری گیرا بێت بە باخچەی جوان ! وە جۆگەی ئاوی ڕوون پاك بە ژێر دارەکاندا بە بەردەوامی بڕوات ! وە باڵندەو بولبول تیایدا بخوێنێت وە ئاو هەوایەکی پاك و شەماڵێکی هێمنی هەبێت ! وە ئەو شەماڵە بەرەو ڕووت بێت و بۆنخۆش بوو بێت بە بۆنی گوڵاڵەی بۆنخۆش ! ئایا لەو کاتەدا تۆ چۆن حاڵەتێکت ئەبێت ؟.

باوەڕ ناکەم لەو خەیاڵە بێتە دەرەوە وە گەر دەستێك بکێشیت بە سەر شانتا و داتچڵەکێنێت .

**ئینجا براکەم** ئەگەر ئەوە خۆشیەکی دونیا بێت کە مانەوەی یەکجاری بۆ نیە , ئەی ئەبێت ئەو خۆشیەو دیمەنانەی کە خوای گەورە بەڵێنی بۆ داوە چۆن بێت ؟ کە وەکو لەسەر زمانی نێردراوەکەی (ﷺ) دەفەرموێت :" ما لاعينٌ رأت! ولا أُذُنٌ سمعت! ولا خطر على قلب بشر" رواه البخاري ومسلم .

واتە : بەهەشتێکم بۆ بەندەکانم ئامادەکردووە کە نە هیچ چاوێك بینویێتی و نە هیچ گوێیەك بیستویەتی و وە بە خەیاڵی دڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە !! ئای

بە ڕاستی ئەوانە چەند بەختەوەرن کە لە ڕیزی ئەوانەن کە دەچنە ئەو بەهەشتەوە کە ئەوەیە بردنەوەی یەکجاری کە ڕازی بوونی خوای گەورەیە لێ یان , خوای گەورە داوات لێ دەکەین کە ناوی ئێمەش نوسرا بێت لەو ناوانانەی کە دەچنە ئەو بەهەشتەوە .

**برای موسڵمانم** : با سەرنجمان بدەینە ئەو ڕووبارانەی کە هەمیشە کە خوای گەورە باسی بەهەشتی کردبێت باسی ڕووبارەکانی ناویشی کردووە . وەك دەفەرموێت : ﴿مَّثَلُ الجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ المُتَّقُونَ فِيهَا أَنهَارٌ مِّن مَّاءٍ غَيرِ آسِنٍ وَأَنهَارٌ مِّن لَّبَنٍ لَّم يَتَغَيَّر طَعمُهُ وَأَنهَارٌ مِنّ خَمرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ وَأَنهَارٌ مِّن عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُم فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِم﴾ .

برام ئەو ڕووبارانە وەکو ئەو ڕووبارانەی دوونیا بن , بەڵکو بەجۆرێك هەڵدەقوڵن کە چۆن ئارەزوو حەزی پێ بکات لە ئاوێکی پاك و جوان , وە ڕووباری شیری زۆر خۆش و بە تام , وە ڕووباری عارەق , بەڵام نەك وەك عارەقی دنیا کە عەقڵ لاببات , وە ڕووباری هەنگوین ! بەڵام وەکو هەنگوینی دنیا نیە ! ﴿عَسَلٍ مُّصَفًّى﴾ واتە هەنگوینێك بەبێ خەوش و خڵتە ! واتە ئەو نیعمەتانەی کە لە بەهەشتدا هەیە تەنها ناوەکانیان وەکو ناوی نیعمەتەکانی دونیا وایە بەڵام لە تام ە لەزەتیاندا ئێجگار لەیەك جیاوازن .

**برام :** جێ ی سەرسوڕمانە کە ڕووبارەکانی ناو بەهەشت بە ناو دۆڵ و جۆگەدا ناڕوات !

بەڵکو هە بەسەر زەوییەکی ڕێکدا دەڕوات , وەکو پرسیار کراوە لە **إبن عباس** – ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی – لەسەر ڕووبارەکانی بەهەشت کە ئایا بەناو دۆڵەکاندا دەڕوات فەرمووی : نەخێر بەسەر زەوییەکی ڕێکدا دەڕوات ! .

جێ ی خۆیەتی بەیەکەوە بڵێین سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی بە چاکی دروست کردووە ,وە تواناو قودرەتی زۆر لەوە زیاترە کە باسی بکرێت , چونکە هەر شتێکی ویست لێ بێت تەنها بفەرموێت ببە یەکسەر دەبێت ! .

**خوشکی بەڕێزم** : نیعمەتێکی زۆر گەورە ماوە باسی بکەین بۆ ئەو کەسانەی ئیشی بۆ دەکەن وە بە هیوای ئەوەن کە زوو پێ ی بگەن , ئەوەش چاکترین و خۆشترین نیعمەتی ناو نیعمەتەکانە وە ئاواتی هەرە گەورەی ئیماندارێکە ,وە هەر کە بەم نیعمەتە دەگەن هەموو نیعمەتەکانی تریان بیر دەچێتەوە چونکە نیعمەت لەوە خۆشتر نیە لە بەهەشتدا !ئەوەش **بینینی خوای گەورەیە** (جل جلالە ) . ئای ئەو ڕۆژە چەند خۆش دەبێت , کە بانگ کەرێك بانگ دەکات ئەی موسڵمانانی ناو بەهەشت ئێوە لەگەڵ خوای گەورەدا پەیمانێکتان هەیە خوای گەورە ئەیەوێت ئەو پەیمانەتان بۆ جێ بە جێ بە بکات , ئەوانیش دەڵێن : ئەو پەیمانەچیە ؟ ! ئەی ئەوە نیە تەرازووی کردەوە چاکەکانی بۆ قورس کردین , وە ڕوو سپی کردین , وە

بە ڕەحمەتی خۆی بەهەشتی پێ بەخشیوین ,وە لە ئاگری دۆزەخ بە دووری گرتوین , ئینجا , ئەفەرموێت پەردە لا ئەچێت ! ئینجا هەموو سەیری خوای گەورە دەکەن ! سوێند بە خوای گەورە هیچ نیعمەتێکیان نەدراوەتێ کە لە لایان خۆشەویستر بێت لە بینینی خوای گەورە. رواه مسلم والترمذی وابن ماجه .

وە لە ڕیوایەتی موسلم دا –ڕەحمەتی خوای لێبێت –ئەفەرموێت ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾ وە لە إبن عباس وە –ڕەزای خوای لێبێت –هاتووە دەفەرموێت (الْحُسْنَى)بەهەشتە ,( زِيَادَةٌ ) بینینی ڕووی پیرۆزی خوای گەورەیە , ئای چەند بەختەوەرن ئەو ڕووانەی کە سەرکەوتنی بینینی خوای گەورە بەدەست دەهێنن ئیتر زیاتر گەشترو جوانتر دەبن ! ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ القيامة (٢٢-٢٣) .

**برای ئیماندارم** : ئەوە بەهەشتە کە نەم توانی بە جوانی بۆت باسبکەم چونکە هەر چەند باس بکرێت ناتوانم هەموو وردەکاریەکانی ئاشکرا بکەین .

**خوشکی بەڕێزم** : ئایا هیچ ڕۆژێك لە خۆت پرسیوە ! ئایا مارەیی بەهەشت چیە ؟! چونکە هەموومان ئەزانین کە مارەییەکەی ئاڵتون و زیو نیە ! وە تەنانەت هەموو دونیاش موڵکی تۆبێت بە هەموو ئەو شتانەشی کە تێدا هەیە بیبەخشیت بۆ بەدەست هێنانی بەهەشت لێت قبوڵ ناکرێت !.

**بــرای خۆشەوویســتم** : نرخــی بەهەشــت , بــەردەوام بــوونی هەمیشــەییە لەســەر کردەوە چاکەکان , وە تێشوو زیاکردنی رێگای دوورو درێژە بـە عیبادەتـەکان ,وە خۆ بەدوور گرتنە لە کردەوە خراپەکان , وە نیەت بۆ خوا بوونە لە یەکتا پەرستی و کردەوە بە ئەنجام گەیاندندا ڕێگای بۆ گەیشتن بە بەهەشتە .

**خوشکی موسڵمانم** : هەنگاوەکانت بەرەو مزگەوت ڕۆیشتن و گەڕانەوەت ڕێگایە بۆ بەهەشت . وە سور بونت لەسەر فێر بوونی زانیاری بەسوودو ئامادەبونت لە کۆڕی یادکردنی خوای گەورەدا ڕێگایە بۆ بەهەشت . هەروەها خوێندنـەوەی ئایەتـەکانی قورئانی پیرۆز لە شەو ڕۆژدا ڕێگایە بۆ بەهەشت .

وە چــاك بــوون لەگــەڵ دایــك و باوكــدا بــە تەنگــەوە هاتنیــان و هەوڵــدان بــۆ بەختەوەریان و ڕازی كردنیان ڕێگایە بۆ بەهەشت .

برام ,ڕوو خۆشی لەگەڵ برای موسڵماندا و نەرم بوون لەگەڵیدا وە دڵخـۆش كردنـی بە ووتەی جوان و شیرین ڕێگایە بۆ بەهەشت .

هەروەها چاك بـوون لەگـەڵ بـێ دەسـەڵات و هەژارەكانـدا و بـەهۆی چاكەكردن و یارمەتیدانیان لەگەڵیاندا فرمێسك و خەفەتیان لابەرێت ڕێگایەكی ترە بۆ بەهەشت .بـرام : مـاڵ و سـەروەت لـە پاشـەڕۆژدا , یـان ئـەبێت بـە ڕەحمـەت و خێـر بـۆ خاوەنەكەی یان ئەبێت بە ئازار و ناڕەحەتی و پەشیمانی , جا لەبەر ئەوە زەكـات دانت و بەخشین لێ ی ڕێگایە بۆ بەهەشت .

**بـرا بەڕێزەکـەم** : پەیوەسـت بوونـت بـە کـردارە جوانـەکان وەك بلاْوکردنـەوەی خۆشەویستی لە نێوان خـزم و کـەس و کـارو هـاوڕێ و دراوسـێ کانتـا ڕێگایـە بـۆ بەهەشت .

هەروەها بە ڕۆژ لە کاسپیدا ڕاستگۆ بیت لە کـڕین و فرۆشـتندا وە ئاگا بوونـت لـە ماڵی حەلاڵ پەیدا کردن وە بە شەویش هەستانت بۆ شەو نوێژ لـە تـاریکی شـەودا کە کاتێك خەڵك خەوتتوە چەند ڕکاتێك نوێـژ کـردن بـۆ خـوای گـەورە و خوێنـدنی چەند ئایەتێك لە قورئانەکەی ڕێگایە بۆ بەهەشت .

برام : خۆشەویستیت بۆ پێغەمبەری خـواو بـەردەوام بـوون و سـوور بونـت لەسـەر جێ بە جێ کردنی سونەتەکانی , وە دوورکەوتنەوە لە بیدعەو زیادەکان بـە نـاوی دینەوە ڕێگایە بۆ بەهەشت هەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾ واتـە : پێیـان بلـێ ئەگـەر ئێـوە خـوای گـەورەتان خـۆش دەوێت ئەوا شـوێنی مـن بکـەون واتـە سـونەتەکانی ئـەوا خـوای گـەورەش ئێـوەی خۆش دەوێت .

**برای موسڵمانم** : ئەوە بەهەشتە کـە کالاَیـەکی زۆر گـران بەهایـە , خـوای گـەورە ئامـادەی کـردووە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە نرخەکـەیان پـێ یـە ,وە بـرام زانیـت کەنرخەکەی چیە ئیتر هەوڵت ئەوە بێت کە بەیانی واتە قیامەت نەچیتە لای خوای گەورە و نرخی بەهەشتەکەیت پێ نەبێت . ئەو کاتە پەشیمان ببیتەوە , کـە ئـەو

ڕۆژە كردەوە سودی هەیە نەك پەشیمان بوونەوە . ﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآناً عَرَبِيّاً لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ﴾ . الشوری:٧ واتە:ئابەوشێوەیە قورئانێكی عەرەبیمان ناردبۆت بۆئەوی كەخەڵكی مەككە ی لێ ئاگاداربكەیتەوە وەئاگاداری خەڵك بكەیت سەبارەت بەقیامەت كەگومانی تیانیە،كۆمەڵێك بۆ بەهەشت و كۆمەڵێك بۆ دۆزەخ.

برای شیرینم : پێش ئەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە كۆبكەمەوە .......داوا لە خوای گەورە دەكەم كە مەلائیكەتەكانی سەر شانمان لاپەڕەی كردەوەمانی من و ئێوەش لەسەر كۆتایین كردەوەیەكی چاك و جوان كۆبكاتەوە .

وە خوای گەورە بۆمان بكاتە موژدەیەك لە قیامەتدا كە پاداشتەكەمان ئەو بەهەشتە نەبڕاوە بێت كە هەندێكمان لێ ی باس كرد .